لەسەر بابەتی مووچەی هەرێم سکاڵا لەسەر سودانی، مەسرور بارزانی و تەیف سامی و ئاواتی شێخ جەناب تۆماردەکرێت

جارێکی دیکەش پرسی تەوتینی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان برایەوە دادگا و سکاڵا لەسەر هەریەکە لە محەممەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق و ئاواتی شێخ جەناب، وەزیری دارایی هەرێم تۆمارکراوە و داواکراوە بەپێی ماددەی 329ی یاسای سزادانی عێراقی سزا بدرێن.

بەگوێرەی نوسراوێك کە وێنەیەکی تایبەت بۆ خەندان نێردراوە، سکاڵاکە لەلایەن هەریەکە لە د. سەعد رەفعەت محەممەد، پرۆفیسۆر لە زانکۆی سەلاحەددین و ئاکۆ محەممەد مەحمود، مامۆستا لە شاری سلێمانی، بە یاوەری پارێزەری خۆبەخش ڕێوەند هیرانی لە دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخی بەغدا تۆمارکراوە.

لە نوسراوەکەدا هاتووە، "دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکی دەرکرد بۆ یەکلاکردنەوەی موچەی فەرمانبەران، خانەنشینان و سودمەندانی تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەڵام حکومەتەکانی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان پابەند نەبون بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی لە ئەنجامدا تائێستا موچەخۆرانی هەرێم موچەی مانگی 12ی 2024یان وەرنەگرتووە و موچەی ئەمساڵیش بەبێ

دواکەوتن هاوشێوەی هاوتاکانمان بە حکومەتی فیدڕاڵی پێنادرێت، سەرەڕای ئەوەی نزیك دەبینەوە لە کۆتایی مانگی ئازار و ڕەمەزان هێشتا موچەی مانگی ئازار دابەشنەکراوە".

ئەوەش هاتوە، "بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی داوا دەکات موچەی فەرمانبەران ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بانکەکانی حکومەتی فیدڕاڵییەوە دابەشبکرێت بۆ شێوەی خۆجێیکردن (تەوتین) بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ ناکرێت، لە کاتێکدا بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی پابەندکەرن و دەبێت بەپێی بڕگەکانی ماددەی (94)ی دەستور جێبەجێ بکرێن".

سکاڵاکاران لە نوسراوەکەدا داوا دەکەن ڕێکاری یاسای لە دژی محەمەد شیاع سودانی، مەسرور بارزانی و تەیف سامی بگیردرێتەبەر و بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی 329ی یاسای سزادانی عێراقی هەموارکراو یاخود هەر ماددەیەکی یاسایی کە بۆ گونجاو دەزانرێت سزا بدرێن.